## سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

پاڵپشت بە برگەی (٣) لە مادەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣) بۆ ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، ئەنجومەنی وەزیران لەکۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٠) لە ڕۆژی ٢٠١٢\٧\١٠ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد:

**پەیڕەوی ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٢**

**پەیڕەوی هەموارکردنی دووەمی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٦**

**مادەی یەکەم:**

ئەمەی خوارەوە بۆپەیڕەوەکە زیاد دەکرێت و دەکرێت بە مادەی بیست:

**مادەی بیست:**

فەرمانگەی هەماهەنگی وبەدواداچوون:

1. ئەم فەرمانگەیە بەستراو دەبێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە وسەرۆکێکی دەبێت بە پلەی وەزیر کەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆبێت وجێگرێکی دەبێت بە پلەی تایبەت کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت. دەسەڵاتی سەرۆکی فەرمانگە دەستنیشان دەکرێت بەپێی فەرمانێك لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لەدەسەڵاتی سەرۆکی فەرمانگەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە جێگرەکەی.

**مادەی دووەم:**

ئەمەی خوارەوە زیاد دەکرێت بۆ پەیڕەو و دەکرێت بە مادەی بیست ویەك:

**مادەی بیست ویەك:**

ئامانج و ئەرکەکانی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون:

**یەکەم**

فەرمانگە کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

1.دڵنیابوون لە بەدواداچوون و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان وڕێنمایی و ئەوبڕیارانەی کە ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکەکەی دایدەڕێژێت ودەری دەکات لە هەمووبوارەکان وبەباشترین شێواز بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی کە لەبەرنامەی کاری حکومەتداهاتووە.

2.زەمینەسازیی بۆ دانانی سیاسەت و پلانی حکومەت لە ڕێی بەردەستکردنی ئەزموون و زانیاری و بەشداریکردن لە دانانی بنەمای پێویست بۆ دەرکردنی بڕیارەکان و جێبەجێکردنیان.

3.هەماهەنگی کردن لەنێوان ئەنجومەنی وەزیران و دامودەزگاکانی لە لایەک و وەزارەت وفەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لە لایەکی ترەوە.

**دووەم :**

فەرمانگە ئەم ئەرکانەی دەکەوێتە سەر:

١-بەدواداچوون بۆ جێ بەجێکردنی بڕیار و فەرمان و ڕاسپاردەکان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکەکەی دەردەچن وپێشکەشکردنی پێشنیاری پێویست بە هەڵگرتنی بەربەستەکان کە ڕێگرن لە جێبەجێکردنیان.

٢-ئامادەکردنی پلان و بەرنامەی پێویست بۆ پەرەپێدانی کار و ئەرکی فەرمانگە لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانەی کە لەو پەیڕەوەدا هاتووە.

٣-هەماهەنگی لەنێوان هەموو وەزارەتەکان و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.

٤-کاراکاردن و پەرەپێدانی سیاسەتەکانی حکومەت لە بوارەکانی چاکسازی ودڵنیای شەفافیەت وبەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی وکەمکردنەوەی ڕۆتینی کارگێڕیی.

٥-پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دەوری سەبارەت بە کار و چالاکیەکانی فەرمانگە بۆئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکەکەی وجێگرەکەی.

٦-هەرئەرکێکی تر کە ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکەکەی دەستنیشانی دەکەن.

**مادەی سێیەم**: ئەمەی خوارەوە زیاد دەکرێت ودەبێتە مادەی بیست ودوو:

**مادەی بیست ودوو**: پێکهاتەی ڕێکخراوەیی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون:

**یەکەم:**

پێکهاتەی ڕێکخراوەیی فەرمانگە بەم شێوەیە دەبێت:

1.ئەنجومەنێك بۆهەماهەنگی وبەدواداچوون بەسەرۆکایەتی سەرۆکی فەرمانگە کە پێکهێنانی ئەندامەکانی ودەسەڵات وڕۆڵیان وپلەیان لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دا دەنرێت، بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە.

2.بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی: لەلایەن بەڕێوەبەرێکەوەکە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت بەڕێودەبرێت.

3.بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی: لەلایەن بەڕێوەبەرێکەوە کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت بەڕێودەبرێت.

4.بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی: لەلایەن بەڕێوەبەرێکەوە کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت لە یاسا بەڕێودەبرێت.

**دووەم :**

لەدەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە کە لەسەرپێشنیاری سەرۆکی فەرمانگە بەڕێوەبەرایەتی تر زیاد بکات یان لێکیان بدات یاخود هەڵیان بوەشێنێتەوە.

**مادەی چوارەم:**

زنجیرە ژمارەی مادەکانی پەیڕەوی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٦ ی هەموارکراو، بەپێی ئەم هەموارکردنە، هەمواردەکرێتەوە.

**مادەی پێنجەم:**

ئەم پەیڕەوە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**